www.kurdistannet.org
15-3-2003 1:38

# وەڵا برا من تاقەتی ئەم تاوتووەم نیە

حامید درودی

دوێنە ڕەخنەیەکم بۆ بەشی ''توانج''ی ماڵپەڕی کوردستان نێت نارد. لە کۆتایی ڕەخنەکەمەوە ئیشارەیەکی کورتم بە فۆنتەکانی ''عەلی فۆنت'' کردبوو، کە بەشی توانجی پێ دەنووسرێ. باسی ئەوە ناکەم کە بە چ زەحمەت و تێکۆشانێک من ئەو لاپەڕەیەم تایپ کردووە، باوەڕ بکەن پشووم سوار بوو بوو و هەرچی گەڕام ئێستاش پیتی ''ڕ''یم بۆ نەدۆزرایەوە.

بە خۆشیەوە ڕەخنە و ئیشارە کورتەکەشم لە سەر ئەو فۆنتانە لە بەشی توانج دا بڵاو کرانەوە و لە ژێریشەوە ئەم سێ دێڕە قسە خۆشەم بۆ نووسرابووەوە.

**'' کاکە حامید دەستم دامێنت نەکەی توانج بگریتە فۆنتی عەلی چونکە نەك (ڕ) یی قەڵەو بەڵکو (ڕ) یی ورگن و هەموو پیتە کوردییەکانی تێدایە. بەڵام دیارە تۆ هێشتا نەت دۆزیوەتەوە، تکایە دۆزە دۆوزەی بۆبکە، و بلێ دۆزە دۆزە بۆم هەڵقۆزە هی من نیە هی پیرۆزە بەڵکو بیدۆزیتەوە. هەرخۆش بیت و ڕێزی زۆرمان. . . . ''**

هەر بۆیە هاتمە سەر ئەو باوەڕە وەکوو کابرای لادێیی بڵێم '' وەڵا برا من تاقەتی ئەم تاوتووەم نیە''. لەوەی کە عەلی فۆنت زەحمەتی کێشاوە و زەحمەتەکەشی جێگای ڕێز و پێزانینە، هیچ شک و گومانێک نیە. بەڵام بە بڕوای من ئەو فۆنتانە لە عەرەبیەوە کراون بە کوردی و هەر بۆیە لە نووسینە کوردیەکەشیدا مرۆڤ تووشی سەر لێ شێوان دەکەن و قەوارە و چوار چێوەی کیبۆردە نێونەتەوەیەکە تێک دەدەن. هەموو دەزانین کە پیتێک کە A لە سەر کیبۆرد نووسراوە، نیشانەی ئەوەیە کە پیتی ''ئا'' یان ''ا''ی پێ دەنووسرێ. هەروەسا بە داگرتنی باقی دوکمەکان دەبێ ئەو پیتە بنووسن کە لە سەریان نووسراوە. ئەوانەی کە بە کامپیوتەری ماکینتوش یان ماکینتاش، نووسیویانە دەزانن کە لێوێدا ئەم ئوسوڵە ڕچاو کرابوو، بێجگە لە چەند وشەی وەک ح، ع، غ، ڕ، ش، چ، نەبێ. هێندێک کەس هەولیان دا و ئەم شێوە کیبۆردەیان لە کامپیوتەری PCیشدا دروست کرد، یەکێک لەوانە بەڕێز دیلان ساڵەح بوو. ئێستاش ئەوانەی تۆزقاڵێک شارەزاییان لە بواری کامپیوتەر دا هەبێ دەزانن کە هەر کەسێک دەتوانێ بە پرۆگرامێکی فۆن کریاتور زۆر بە هاسانی بۆ خۆی فۆنت دروست بکا و بۆ خۆشی بڕیار بدا چ پیتێک لە ژێر چ دوکمەیەکەوە بێ.

ئیتر چ پێویستە دەکا، من وەکوو تایپیستێک بێم و خۆم لەگەڵ شێوە نووسینێکی دیکە ڕابێنن. ئەویش بە قەوڵی کارگێڕانی بەشی توانج، دۆزە دۆزەی بۆ بکەم. کاک عەلی دەتوانێ بە چەند چرکە شوێنی ئەو فۆنتانە بگۆڕێ و هەر فۆنەی لە ژێر دووکمەی خۆیدا دابێ، دەنا خەڵکی نایەن کاتی خۆیان بەوە تەرخان بکەن کە ''دۆزە دۆزە'' بکەن ئەم کات و ساتە ''کات'' زێڕە و مرۆڤ بە خۆڕایی نابێ لە کیسی خۆی بدا. هەر کەسێک شتێکی نوێتر و باشتری هێنایە گۆڕێ، ئەوا خەڵک بەکاری دێنن، ئیتر هی هەرکەس بێ خەڵک کاریان بەوە نیە.

شتێکی تریش کە لە تایپ کردن دا جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ بە داگرتنی یەک دوکمە، یەک پیت بنووسێ، دەنا ئەگەر پێویست بێ دوو یان سێ دوکمە بۆ نووسینی یەک پیت دابگیرێ، ئەوا لە جێگای ٣ لاپەڕە مرۆڤ دەوانێ ١ لاپەڕە بنووسێ، کە وابوو ئەم کارەش دوامان دەخا.

هەوەڵەکان مرۆڤ کە داهێنانێک دەکا، پاش ماوەیەک بۆ باشتر بوونیی کارەکەی گۆڕانکاری تێدا دەکا و بەرە بەرە باشتر و هاسانتری دەکاتەوە، دەبێ کاک عەلیش ئەم کارە لە فۆنتەکانیدا بکا، دەنا کڤالیتەی خۆیان لە دەست دەدەن.

لەبەر ئەوەی قسەکانی من تەنیا ئیدەعا نەبێ و لەم پێوەندیەدا هەنگاوێکم هەڵێنابێ، دەبێ ئەوەی بڵێم کە زیاتر لە سی فۆنتم لە فارسی و عەرەبیەوە کردووە بە کوردی و هەر بەو کیبۆردانە کە سەر تۆڕی ئینتەرنێت بۆ نووسنی کوردی دانراون، مرۆڤ دەتوانێ کوردیان پێ بنووسێ و بێجگە لەو پیتانی کە لەسەرەوە باسم کردن، هەر پیتێک لە ژێر دوکمەی خۆیدایە و زۆر بە شێوەیەکی ساکار بەکار دێن.

لە پێشدا ئەو ماڵپەڕانەی کە بۆ کورد زەحمەت دەکێشن، بەتایبەتی ماڵپەڕی کوردستان نێت و پاشانیش هەر کەسێک بۆ هەر مەبەستێک بکاریان دێنێ گەردنی خۆش و ئازاد بێ.

هەر لەگەڵ ئەم نامەیەدا یەکێک لە فۆنتەکان دەکرێتە پاشکۆ و بە دیاری دەدرێ بە بەشی توانج، کە هەر بەو بۆنەوە ناوی ''توانج''م لێ ناوە.

بە سپاسەوە

٢٠٠٣/٣/١٤

بۆ بینینی توانج کلیکی ئێرە بکە.... ك ن

www.kurdistannet.org کوردستان نێت